# ڕاو بۆچوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ئەورووپا لە مەڕ بە تەنها دابەزینی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکان... باوکی بەهەند

سوید

پرۆسەی هەڵبژاردن وسندوقەکانی دەنگ دان یەکێکە لە پرنسیپەکانی دیموکراسی، وە دابەزینی هەر پارت و ڕێکخراوێك بە تەنها لە هەڵبژاردن دوور لە تەوافقات و لیستی هاوبەش یەکێکە لەو خەسڵەتە جوانانەی دیموکراسی، زۆر لە ناوەندە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکان دەڵێن: بوونی لیستی هاوبەش واتە لە گۆرنانی دیموکراسی و نەمانی پێشبرکێی و مونافەسەی شەریفانە، وە لە هەناوی لیستی هاوبەش هیچ پارت و ڕێکخراوێك سەنگ و قورسایی بۆ جەماوەر دەرناکەوێت و وە ئەبێتە هۆی لە گۆڕنانی دیموکراسی.

هەر لەم سۆنگەشەوە هەولّم دا ڕاو بۆچوونی چەند نووسەرو ڕۆشنبیرێکی کورد لە ئەورووپا وەرگرم لە مەڕ بە تەنها دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژارنی دیسەمبەری 2005. وە تەنها پرسیارێك ئەوەبوو کە ئاراستەی ئەم بە ڕێزانە کرا، ئایا دابەزینی یەکگرتوو بە لیستێکی سەربەخۆ، تا چەندە گەمەی سیاسی وپرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان گەشەی پێدەکات؟

سەرەتا نووسەرو ڕۆشنبیری کورد لە وڵاتی هۆڵەند بەرێز (مەحمود ڕەزا ئەمین) ئەم هەڵوێست و بڕیارەی یەکگرتوو بە ئیجابی هەڵدەسەنگێنێت کە دەبێژێت (پێشتر لە وتارێکمدا، کە بریتی بوو لە خوێندەوەی بەیاننامەکەی (م. س) ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لیستی تایبەتی یەکگرتووم بە باشە لێکدابووە، ئێستاش هەمان بۆچوونم هەیە، پێم وایە دابەزینی بە تەنیا بۆ گۆڕەپانی ململانێی سیاسی، گەمەی دیموکراسی خۆشتر ئەکا، من لە زاری ژمارەیەك لە لێپرسراوانی کوردەوە خوێندومەتەوە کە یەکگرتوو لە سەر کورسی لەگەڵ یەکێتی وپارتی ڕێکنەکەوتوە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی وەرگرتوە. ئەو قسەیە وابێ یان نا لای من هیچ لە بایەخی ئەوە کەمناکاتەوە کە ئەم شێوە سیاسەتکردنە ئاووهەوای دیموکراسی سازگار تر ئەکا)

نووسەرو یاساناس لە وڵاتی سوید (ڕەفعەت هەڵەبجەیی) بیرو ڕای خۆی بەم شێوەیە لێکدایەوە (بە بیرو بۆچوونی من دابەزینی یەکگرتوو بە لیستی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن تەنها زەنگێك نیە بۆ ئاگادار کردنەوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە ئاست گەندەڵیەکانیان، بەڵکو ڕێچکە شکاندنێکە بۆ بەگژاچوونەوەی سیستەمی پەنجا بە پەنجاو کورسی دابەش کردن، لە هەمان کاتدا خۆ ڕزگار کردنە لە کۆتی بە پاشکۆبوون، بۆ هەردوو ئیدارەی کوردی)

نووسەرو چیرۆك نووس لە وڵاتی ئوستورالیا مامۆستا (حەسەن پێنجوێنی) بەم جۆرە هاتە ئاخافتن (بە بۆچوونی من دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامی بە لیستی سەربەخۆ گەورەترین خزمەتە بە میللەتی کورد، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لەو ڕەشبینیە ڕزگار بکات، وە خەڵکی بە سۆزەوە بۆ لای سندوقەکانی دەنگدان بڕۆن. زیاد لەوە حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن دروست دەبێت، کە ناتەواوییەکانی دەوڵەت بخاتە بەردەم پەرلەمان و ڕای گشتی میللەت، وە ببێتە چاودێر بە سەر کاروباری دەوڵەتەوە، وە دەوڵەت هەوڵ بۆ گۆڕانکاری و خۆچاکردنی زیاتر بدات، چونکە ئەو کات دەزانێ ئۆپۆزسیۆنێك هەیەو کەموو کوڕییەکانی ناشارێتەوەو گەندەڵییەکانی دەردەخات، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین خزمەتە بە میللەتەکەمان.

لە میدیاكانەوە زۆر جار بەرگوێمان ئەكەوێت كە هەرچی تۆمەت هەیە بۆ یەكگرتوو سازی ئەكەن، تەنها لەبەر ئەوەی بە لیستێكی سەربەخۆ دابەزیوە! بە ڕای من ئەمە هەست بە كەمییەكە لەو لایەنانەوە، وە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ كە پەروەردەی دیكتاتۆرییەت تا ئێستا شوێنەواری لە دەروونەكاندا ماوە، ئەمەش پێچەوانەی دیموكراسییەو كە ناتوانن بەرامبەر قبوڵ بكەن، یەكگرتوو مافی ڕەوای خۆیەتی بە سەربەخۆ دابەزێت وە هەر ناوزراندنێك بۆ ئەم پارتە بە هۆی سەربەخۆی بوونیەوە، پێشێلكردنی ئازادییە سیاسییەكانە. دوای ئەوەی یاسای بنەڕەتی وڵات پەسەند كراو فیدرالیەت چەسپاو، سەرۆك بۆ هەرێم دیاری كرا، ئیتر یەك لیست بوون هیچ ماناو واتایەكی نەماوە، وە یەكگرتوو هەرگیز پشت ناكاتە دۆزی میللەتەكەی چونكە خزمەتكردن بە میللەتەكەی بەشێكە لە كاری یەكگرتوو. لە كاتی گرمەی شەڕی دەستور كە مافی میللەتەكەمانی تیا دیاری دەكرا بە شاهێدی سەرۆكی هەرێم یەكگرتوو گەورەترین هەڵوێستی مەردانەیان هەبوو..

وە بە ڕای من گەمەی دیموكراسی زیاتر خۆشتر دەكات بە تەنها دابەزینی یەكگرتوو)

مامۆستا (جەلالەدین بەرزنجی) ئەندامی دەستەیی نووسەرانی گۆڤاری هەڵەبجە لە سوید بەم شێوەیە ڕاو بۆچوونی هەبوو (لیستی سەربەخۆی یەكگرتوو نەك زیان بە دۆزی ڕەوای میللەتەكەمان نادات، بگرە لە قازانجی كێشەی میللەتمانە، ئەگەر بێت و هەمووی یەك لیست بێت، ئەوكات كەس ئەوەندە پەرۆش نییە بڕوات بۆ دەنگ دان چونكە مونافەسە نامێنێت، وە هیچ پارت و ڕێكخراوێك وەزنی خۆی نازانێت ئەگەر هەموویان یەك لیست بن، جا بە ڕای من ئەم ڕێگەیە یەكگرتوو هەڵی گرتووە زۆر تەندروستە، وە باوەڕبوونە بە خۆی و ئەندام و دۆست ولایەنگرانی، وە دیارە خزمەتی میللەتی كردوە لەم چەند ساڵەی هەبووە وە مێژوویەكی پاك و پرشنگداری بۆ خۆی دروست كردوە لە ڕێگەی پرۆژەو كارە خزمەتگوزارییەكانی، وە من دڵنیام هەمیشە پارێزەرێكی بەتوانا ئەبێت بۆ بەرگری كردن لە كێشەی گەل و خاكەكەی لە هەر جێگەیەك بێت، هەمیشە خزمەتگوزاری میللەت بووەو دەستەكانی سوور نییە لە خوێنی میللەت، وە ناسنامەی كوردستانی بوون و ئیسلامی بوونی یەك درەختن)